# له به‌رانبه‌ر هه‌ڕه‌شه‌و په‌لامارەكانی ده‌وڵه‌تی عه‌سكه‌رتارو كۆنه په‌رستی توركیادا، وه‌رنه مه‌یدان!

ماوه‌یه‌كه حكومه‌تی كۆنه‌په‌رستی توركیا ده‌ستی داوه‌ته هه‌ڕه‌شه كردن له‌خه‌ڵكی كوردستان‌و دیسانه‌وه به‌بیانوی په‌كه‌كه‌و "زه‌ربه لێدان له تیرۆر" ده‌یانه‌وێت هێرش بكه‌نه‌وه سه‌ر خه‌لكی كوردستان. چه‌ندین رۆژه به‌شێوه‌یه‌كی به‌رده‌وام سوپای توركیا ناوچه سنورییه‌كانی كوردستان بوردمان ده‌كات‌و ترس‌و ناره‌حه‌تی خستۆته دڵی دانیشتوانی گوندو ناوچه‌كانی: قه‌دش، ئینیشكێ، بامه‌ڕنی، به‌روار، وده‌روبه‌ری ئامێدی یه‌وه، زه‌ره‌رو زیانێكی زۆری پێگه‌یاندون‌و ژماره‌یه‌كی زۆریان شوێنی خۆیان به‌جێهێشتوه.

خه‌ڵكی كوردستان ماوه‌ی 17 ساڵه بۆته مه‌یدانی تاقیگای ساغكردنه‌وه‌ی سیاسه‌تی وولاته كۆنه‌په‌رسته‌كانی ناوچه‌كه. سوپای كۆنه‌په‌رست‌و فاشستی توركیا تا ئیستا 26 جار هێرشی كردۆته‌وه له‌سه‌ر خه‌لكی كوردستانی عیراق، كه زۆربه‌ی زۆری ئه‌م هێرشانه به لوتف‌و پێشوازی حزبی ده‌سه‌لاتداربوه له‌كوردستان. به‌لام هه‌ڕه‌شه‌و په‌لاماره‌كانی ئه‌مجاره‌ی حكومه‌تی توركیا كه دیسانه‌وه به‌ناوی هێرشكردنه سه‌ر په‌كه‌كه‌و "لیدان له تیرۆر"ی كردۆته بیانوو، له‌پیناو ڕۆڵ‌و نفوزومه‌وقعیه‌تی سیاسی خۆێدایه له ئاستی ناوچه‌ی رۆژهه‌لاتی ناوه‌رست دا. به‌تایبه‌ت پاش فه‌شه‌لی سیاسه‌ت‌و ئیستراتیژی ئه‌مه‌ریكا له‌عیراق‌و ناوچه‌كه‌داو بونی جێپێیه‌كی پته‌وی جمهوری ئیسلامی ئیران‌و ده‌ركه‌وتنی وه‌ك گه‌وره هێزیكی ناوچه‌یی له‌ئاست وولاتانی ناوچه‌كه‌دا. توركیا " خه‌لكی كوردستانی عیراق"ی كردۆته بارمته‌و قوربانی بردنه پێشه‌وه‌ی ئه‌م سیاسه‌ته كۆنه‌په‌رست‌و ملهوڕانه‌ی خۆی.

له‌م نێوه‌دا هه‌ڕه‌شه‌كانی توركیاو داواكارییه‌كانی به‌تایبه‌ت له په‌یوه‌ند به "ته‌سلیمكردنی سه‌رانی حكومه‌تی هه‌رێم له ژێر ناوی ئه‌وه‌ی كۆمه‌كیان به په‌په‌كه كردوه" هه‌ر له‌ئێستاوه هه‌ندێك له ئامانجه فه‌ورییه‌كانی توركیای پێكاوه وده‌توانیت ئه‌م خواسته چه‌كوشێكی ئاماده‌بیت به‌ده‌ست حكومه‌ت‌و سوپای توركیاوه، بۆ هه‌ركاتێك كه پێویستیان پێی بێت به‌رزیبكه‌نه‌وه‌و بیكه‌نه بیانوی هێرش‌و په‌لامار بۆ سه‌ر خه‌ڵكی كوردستان.

له به‌رانبه‌ردا هه‌لوێستی حكومه‌تی میلیشیایی به‌غداو هاتوو هاواری مالكی بۆ "بنه‌بڕكردنی په‌كه‌كه!!"و هه‌روه‌ها بێده‌سه‌لاتی ده‌سه‌ڵاتدارانی ناسیونالیزمی كورد له‌به‌رانبه‌ر ئه‌م هێرش‌و هه‌ڕه‌شانه‌دا به‌شێوه‌یه‌كی رۆشن پووچی ده‌وڵه‌تی عیراق‌و حكومه‌ته‌كه‌ی‌و فدرالیه‌تێك كه دوو حزبه ده‌سه‌لاتداره‌كه‌ی كوردستان كردویانه‌ته ئامانجی خۆیان، نیشان ده‌دات. ڕیگای ئومێد به ئه‌حزابی ده‌سه‌لاتدارو گشت ئه‌حزابی ناسیونالیستی ناوچه‌كه داخراوه، ڕیگای چاوه‌ڕوانی‌و ئومید به ئه‌مه‌ریكا كۆتایی هاتووه.

ئێمه وه‌ك حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق، ئه‌م سیاسه‌ت‌و هێرش‌و په‌لاماره‌ی ده‌وڵه‌تی توركیا بۆسه‌ر خه‌لكی كوردستان به توندی ئیدانه ده‌كه‌ین‌و داوا له‌سه‌رجه‌م رێكخراوه ئازادیخوازو پێشكه‌وتنخوازو كۆمۆنیست‌و چه‌په‌كان ده‌كه‌ین له ئاستی دنیادا كه ئیدانه‌ی ئه‌م سیاسه‌ته‌ی توركیا بكه‌ن‌و ڕێبگرن له هێرشی سوپاییه‌ك كه توركیا نیازمه‌نده پێی. له‌هه‌مانكاتدا بۆ رزگار بون له هه‌ڕه‌شه‌و په‌لاماری ده‌وڵه‌ته كۆنه‌په‌رسته‌كانی توركیاو جمهوری ئیسلامی ئیران، بۆ پێشگرتن به ئاواره‌یی‌و ڕه‌ق بونه‌وه‌ی ڕۆله‌كانمان‌و تیكچونی باری ژیان‌و گوزه‌رانی خه‌ڵك..... بانگه‌وازی خه‌ڵكی كوردستان ده‌كه‌ین كه له‌ده‌وری جیابونه‌وه‌ی كوردستان‌و پێكهێنانی ده‌وله‌تێكی عه‌لمانی‌و ناقه‌ومیدا ڕیزی خۆیان یه‌كگرتوو بكه‌ن. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق له ریزی پێشه‌وه‌ی خه‌باتی خه‌لكی كوردستاندایه بۆ به‌دیهێنانی ئه‌م خواسته‌و سه‌رجه‌م ئامانجه ئینسانیه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان.

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

**2007/10/17**